

# ئەندێشە لەشیعری نوێدا

ئەکرەم قەرەداغی

ئەندێشە یەکێکە لەخەسڵەتە هەرە دیارەکانی داهێنان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، چونکە ئەندێشە دەکەوێتە پێش هەموو کارێکەوە کە بەرهەمی لێ بکەوێتەوە. دنیای شیعرو ئەدەبیش دنیای ئەفراندن‌و داهێنانە، بۆیە هەموو کاتێك خەیاڵ بەیەکێك لەتوخمە سەرەکیەکانی ئەو د

نیایە دانراوەو بێ ئەو هەموو کارێکی داهێنەرانەی ئەدەبی بێ ماناوزڕ دەکەوێتەوە.. بۆیە هەر لەپەیدابوونی شیعرەوە، مرۆڤ خەیاڵی کردۆتە سیمایەکی جیانەکراوەو لەڕێیەوە شاعیر بەئاسمانەکانی ئەفراندندا باڵەفڕێی خۆی کردووەو لەڕێگایەوە هەستەکانی خۆی دەربڕیوە.

ئەم خەیاڵە بەتایبەتی لەسەردەمی ڕۆمانتیکیەکاندا زۆرتر بەرجەستە بوو. شاعیری ڕۆمانسی لەناو ئەو جیهانە پان‌و بەرینەی خۆی بەخەیاڵ بۆ خۆی دروستی کردبوو، حەزیان نەدەکرد دابەزنە سەر واقع‌و بەچاوی ڕاستەقینە ئەم جیهانە ببیننەوە، چونکە جوانی دنیاو جوانی سروشت‌و جوانی روخسار هەر هەموویان لەناو دنیا خەیاڵیەکەدا گەش‌و ڕازاوەیان دەنواند. ئەمە سەرەڕای بێبەشبوون لەگەلێك چێژو خۆشی ڕاستەقینەی ژیان لەسەر زەمینەی واقع، وای لەشاعیر دەکرد کە خۆی لەدنیای خەیاڵدا بەهەشتێك بۆ خۆی دروست بکات‌و خۆی لەگەڵ ئەو مەخلوقانەدا بکەوێتە گفتوگۆ کە هەر خۆشی دروستی کردبوون، تەنانەت بەهۆی داب‌ونەریت‌و پێوەندو کۆتە کۆمەلآیەتیەکانەوە شاعیر لەخۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بێبەش دەبوو، بۆیە لەخەیاڵدا خۆی کەسێکی لەتوخمەکەی دی دروست دەکردو هەموو دڵدارییەکی پڕ لەعەشقی لەگەڵ دەدواو لەناو لاپەڕەی شیعرەکانیدا دەها جار دووبارە دەبووەوە.

سەرەڕای ئەمانە، تەسکی مەوداکانی ئەقڵی مرۆڤو پەی نەبردنی بەلێکدانەوەی ئەو

پەیوەندیانەی لەنێوان توخمە سەرەکیەکانی ژیاندا هەبوونو مانەوەی سەدانو بگرە هەزاران پرسیاری هەمەچەشنە، بەبێ وەڵام دەربارەی وردەکارییەکانی ژیانو گەردوون، شاعیری وا لێدەکرد کە خۆی لەجیهانە خەیاڵیەکەی خۆیدا گەلێك وەڵام بۆ پرسیارو کێشەکان بدۆزێتەوەو لەڕێگای خەیاڵە قوڵەکانیەوە کارلێکێکی رۆحی لەگەڵ گەردوندا دروست بکاتو تیایدا بتوێتەوە.

شاعیر هەر لەڕێگای قوڵبونەوەی خەیاڵەکانیەوە دەبوە خاوەنی کۆمەڵێك بیری داهێنەرانەو هەمیشە وا هەستی دەکرد کە جێگای ئەو جیهانە راستەقینە کە نیە، چونکە ئەو جیهانە لای ئەو ناتەواوو ئیفلیج بوو، جیهانێك بوو خەسڵەتە زیندەکانی لەدەست دابوو، کەسەکان لەزۆربەی جاردا بوکەشوشە ئاسا دەهاتنو دەچوونو بێ رۆح بوون جڵەو لای خۆیان نەبوو. تەنانەت گەلێك لەشاعیرە رۆمانتیکیەکان نەك هەر لەسەر ئەم جیهانە دووردەکەوتنەوەو دەچوونە ناو ئەو جیهانە دروستکراوەی خۆیانەوە، بەڵکو زۆر جار لەو رۆژگارەشدا دەبران کە تیایدا دەژیانو دەچوونە ناو کاتو رۆژگارێکەوە کە هەر خۆیان بەخەیاڵ بۆ خۆیان دروست کردبوو، هەمیشە رۆژگارەکە زۆر لەدوای رۆژگارە راستەقینەکەی خۆیانەوە دەبوو هەندێك جاریش جڵەوی ئەو خەیاڵەیان دەگەڕاندەوە بۆ رۆژە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە هێشتا کۆتو پێوەندە کۆمەڵایەتیەکان بەندی نەکردبوونو کەسەکان کەسی راستەقینەیی خۆیان لەدەست نەدابوو، نەبوبوونە کەسی دروستکراو، جیهانەکەش سادەییو جوانی خۆی هەبوو، لەو دنیایەدا، کەسەکان خۆشەویستیو یەکتری ویستنو دۆستایەتی، ون نەبوبوونو کینەو رقو لەناوبردن نەهاتبوونە گۆڕێ. هەر ئەمەش وای کردبوو کە گەلێك لەو شاعیرانە لەناو کۆمەڵی خۆیاندا تووشی نامۆیی بن، بەهەردوو جۆری نامۆیی جێگەو نامۆیی رۆژگارەوە.

رۆمانتیکەکان کە لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا لەئەوروپا هاتنە مەیدانەوە، لەسەر رەوگەی سۆز فەلسەفەکەیان داڕشت، شاعیرەکانیان لەڕێبازی هەستی وێنەییەوە بەپێچەوانەی کلاسیکییەکانی پێش خۆیان، چوونە ناو دنیای شیعرەوە نەك ئەقڵانیەت. هەر لەبەر ئەوەش بوو بەشێکی زۆری هەستە وێنەییەکانی ئەم شاعیرانە لەدەوری خود کۆدەبوونەوە.

ئەو رزگاربوونەش لەکۆتو پێوەندەکانی ئەقڵ دەستی کردنەوەو هەستیانی ئازاد کرد بەوە ئەوەی لەناوەوە کینگڵیان پێ دەدا، توانیان بیانهێننە دەرەوەو لەدنیای ئەفراندنو داهێناندا گەلێك نمونەی بەرزو رازاوەی لێ دروست بکەن، راستە بەشێکی زۆر لەشاعیرانی ئەم رێبازە لەسەرەتادا رویان لەدنیای روحانیەتو ئاین کردو زۆرتر خەیاڵەکانیان لەو چەمکەدا دەخولانەوەو کۆتاییەکانی تەمەنی مرۆڤو چارەنووسو مردنو گۆڕستانو گۆڕ، شەوانی نوتەك، جێهێشتنی ژیانی سەرزەوی، گەڕاندنەوە بۆ خودی سروشت، یا روکردنە گوندو لادێو دورکەوتنەوە لەشارستانیو دەروێش ئاسا هەڵبژاردنی ژیانێکی سادەو ساکار یا هێنانەوە یادی رۆژانی رابوردوو بەدروستکردنی دیمەن لەڕێگای هەستی وێنەیی یەك لەدواییەکەوە کە لەزۆربەی جاریشدا، دیمەنەکان زیاتر لەبەرگێکی خەماویو پڕ لەتارمایی کەسانی کۆچکردووی ناو گۆڕستانێکی کپو ماتو خامۆشو یا تەنهایی لەناو دارستانێکی چڕو بێدەنگدا، دەبینرانەوە. راستە ئەمانە هەر هەموویان توانایەکی شیعری بەرزو زمانێکی پاراوو خەیاڵێکی قوڵی خەم ئامێزو وروژێنەری هەستو نەستە شاراوەکانی مرۆڤی دەویست بەڵام زیاتر جوڵێنەری هەستو بزوێنەری

سۆزبوون، ئەگەرچی تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانە بەنەمری ماونەتەوە.

بەڵام لەپاشتردا، خەیاڵەکان فراوانتر بوونو لەزۆربەی جاردا، ئەم دنیا خەمۆکیە پڕ تاریکیەیان بەجیٚهێشتو بەرەو بابەتی کێشە سۆزداریەکانی مرۆڤو نایەکسانی کۆمەڵایەتیو راکردن لەدەست جەورو ستەمو گەڕاندنەوە بۆ مەودا پانو پۆڕەکانی سروشتی گرتەوە.

ئەوان هەمیشە ئەو کەلێنە فراوانەیان دەدی کە لەنێوان جیهانە دیارو جیهانە نادیارەکەدا هەبوو، ئەوان لەسپێدەی بەرەبەیانداو لەکاتی هەڵهاتنی خۆردا، تەنها پارچە خەپلەیەکی پڕ لەشەوقی ناو کازیوەیان نەدەدی، بەڵکو خەیاڵە شاعیرییەکەیان وای لیٚکردبوون کە بەدەهاو بگرە سەدەها فریشتەی جوانو بەرگ سپیان دەدی چۆن لەپەردە هەرە بەرزەکانی ئاسمانەوە یەکەیەکە دادەبەزینو ئەم لاو لای ئەو خۆرە دەگرنو دەکەونە هەلەکە سەماو لەخۆشیاندا گۆرانی دەچڕنو مژدەی ساتو گزنگی رۆژێکی نوێیان دەگەیاند. ئەوان دەیاندی کە هەر تاڵێك لەو تیشکی خۆرە، روناکیەکی ئەو سروشتەی لەگەڵدایە کە ژیان دەکاتەوە بەر ئادەمیزادو دەیانبوژێنێتەوە. ئەی شیعر لای ئەوان چی بوو، ئەگەر خەیاڵێکی قوڵی وردی شاعیرانە نەبێت؟ شیعر لای ئەوان بیٚ خەیاڵ، جەستەیەکی ساردەوەبووی بیٚ رۆح بوو، کێڵگەیەکی وشکهەڵاتووی بیٚ ئاوو بەرخۆلەیەکی زۆر بچوکی بیٚدایك بوو..

خەیاڵ لای رۆمانسیەکان بەتەنها خەیاڵێکی داخراو نەبوو، واتە خەیاڵێك نەبوو کە تایبەت بێت بەساتەوەختێکی دیاریکراوی شیعرەوە لای ئەوان هەمیشە خەیاڵ نە بنی هەبوو، نە سەر، نەسنوری دیاریکراویشی هەبوو، بیٚپەرواو بەرەڵاو ئازادبوو، لەکویٚ دەنیشێتەوە، بابنیشێت، وێنەی کیٚ دەهێنێتە پێشەوە، بابیهێنێت، گرنگ ئەوەیە لەخودی خۆیدا راستگۆبێتو دەربڕینی هەستێکی راستەقینەی مرۆیی بێت.

یەکێك لەگرنگی ئەم خەیاڵە رۆمانسیە نەپچڕاندنی توخمەکانە لەیەکتری، بوو، چونکە یەکێتی بابەتو یەکێتی چەمك، یەکێتی هەست سەرتاپای شیعرەکەی دەگرتەوە، هەرگیز پەرەوازەییو پەرت بوونی پێوە نەبوو، هەمیشەش خەیاڵەکان باوەشی بۆ خۆشەویستی مرۆڤو دۆستیو پاکیو ئەفسونی سروشتو جوانی ژنو سیحری دەموچاو بیٚگەردی ساواو زەردەی منداڵێکی بچوك دەگرتەوە.

لەپاشتریشدا شاعیرانی پڕناسی کە لەدوای قۆناغی رۆماتیکی هاتنە مەیدانەوەو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا قوتابخانەی هونەر بۆ هونەریان دامەزراند. فەلسەفەی ئایدیالی جوانکاریو فەلسەفەی ریالیستی ئەزمونیان کردە بنەڕەتی داهێنانیان، دنیای ئیستاتیکایان کردە مەودای کارو خەیاڵ. لای ئەوان جوانی هەموو خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی مرۆڤو جیهانی لەناو خۆیدا کۆدەکردنەوە. هەر شاعیرێك بتوانێت لەڕێگای وێنەی زیندوی بینراو یا نەبینراوەوە لەهەر قاڵبێکی داهێنانو هەر شێوازێکی شیعریدا جوانی لەبەرهەمەکەیدا بەرجەستە بکات یان جوانی بەدەستبهێنێت، ئەوا بەرهەمەکەی دەچێتە خانەی شیعری رەسەنەوەو هەر بەرهەمێکی رەسەنیش ئەم خەسڵەتەی لەدەست دابێت، ئەوا هەر فۆرمو شێوازو هەستێکی شاعیرانەوە هاتبێتە مەیدانەوە، ناچێتە ناو خانەی هونەری شیعرەوە.

لای ئەمان، هەمیشە هونەر خۆی ئامانج بوو هۆکارێك نەبوو بۆ دەربڕین، خەیاڵی شیعریش ئەو بابەتە بوو کە دەتوانێت لەهەموو گۆشەیەکی بوونو

گەردون و سروشت بدات بێئەوەی پابەند بێت بەهیچ ڕێساو یاسایەکی دانراوەوە.

هەموو خەیاڵێکی پڕناسی، باوەشکردنەوە بەسیحری جوانکاری‌داو چونکە جوانکاری سیفەتێکی هەرە بەرزە کە هەموو بوون و گەردون لەخۆدەگرێت و گەردوون و بوون بێ ئەو خەسڵەتە جوانیە بێتام و بێمانایە.

پڕناسیەکان دژایەتیەکی زۆریان لەگەڵ کۆنینەدا هەبوو، لای ئەوان هونەر تاکە ڕێگایەك بوو کە دەیتوانی مرۆڤ لەهەموو خەیاڵ و بیرو هەستێکی کۆن ڕزگار بکات و سەر لەنوێ جیهانێکی نوێی بۆ دروست بکاتەوە،چونکە لای ئەوان هەمیشە مرۆڤ لەڕێگای خەیاڵی هونەرییەوە، دەگاتە لوتکەکانی شادی‌و تەلانەکانی خەم هەڵدەوەشێنێتەوە لەسەرگەردانی‌و وێڵی‌و پەرتەوازەبوونی دەرون و خود ڕزگاری دەبێت.

پڕناسیەکان ئەو دیمەنانەی کە دروستیان دەکرد زۆرتر لەدیمەنێکی ڕاستەقینە دەچوون، بەڵام لەبەرگ و کەشێکی خەیاڵدا، دیالۆگەکان لەبڕێتی دوان لەگەڵ خودی خۆو ئەو کەسانەی کە بەخەیاڵ دروست کرابوون، زۆرتر لەگەڵ توخمە سەرەکیەکانی سروشتدا بوون، وەك ئاسمان و هەیڤ و ئەستێرەو دەریاچەو ڕوبارو چیاو دۆڵەکان. بەڵام لەهەموو ئەمانەدا هەست بەبەرجەستەبوونێکی ڕاستەقینەی دیمەنەکان دەکراو جۆرێك لەو نامۆییەی لەجیهانە ڕۆمانتیکیەکەدا دەبینرا، لای ئەمان ئەو نامۆییە ون بوبوو.

لەدواترا هێماییەکان (یا هێما گەرەکان) بەپێچەوانەی پڕناسیەکانەوە، ئەمان وا یان دەبینی کە هەموو خەیاڵێکی هونەری‌و ئەدەبی دەبێت بەهۆی دەربڕینی هێماوە بێت، چونکە هێما تاکە فۆرمی ئەزمونی جوانکارییە لەهونەرداو ئامانجی جوانکاریش تەنها بۆ گەیاندنی جوانییەکی ئایدیاییە.

هونەری هێما گەریش لەبنچینەدا واتە گۆڕینی وێنەی شتێك بەشتێکی دی، بەپێی شێوازی خوازەکاری، بەمەرجێك کەسانا بنەڕەتیەکەی خۆی لەدەست نەداو لەهەمان کاتیشدا بەرگ و مانایەکی نوێی لەبەردابێت و ببێتە بەشێکی بنەڕەتی تێکستە شیعرییەکە.

هەموو هێمایەکیش، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا، ئاماژەیە بۆ هەبوونێکی بەرجەستەکراو بەڵام لەهەمان کاتدا، هەبوونێکیشە لەدنیای خەیاڵی شاعیرداو ئەندێشەکاری‌و نیگایەکە بۆ هەستێکی شاعیرانەو بەرجەستەبوون لەدنیایەکی نوێ و وێنەیەکی نوێدا. هەموو ئەمانە لەجیهانێکی خوازەکارییدا ڕوودەدەن و دیاردەو ڕووداو شتەکان لەئەندێشەی شاعیردا بەجۆرێکی نوێ دەردەکەونەوە.

هێماکانیش هەمیشە دەبنە شتێکی دانەبڕاو لەڕەوتی شیعرەکە خۆی، واتە، تەنها هێمای تەنها نین، وەك لای سۆفیەکان دەردەکەوێت، چونکە هێمای سۆفیەکان لەیەك قاڵب و لەیەك بەرگدان لای هەموویان بەهەمان مەبەست و ماناوە. بەڵام هێما لای شاعیرە هێماگەرەکان، هەریەکەیان لەدنیای خۆیداو لەخوازەی خەیاڵی خۆییدا دەیهێنێتە ئاراوەو دروستی دەکات و دەیخاتە ناو ڕەوتی شیعرەکە خۆیەوەو هەمیشە یەکێتی بابەت و یەکێتی مەبەست پێکیانەوە دەبەستێت و سەرلەنوێ گرێی دەداتەوەو بەپێی قوڵی خەیاڵەو مەبەستی شاعیرەکە دەردەکەونەوە.

زۆربەی ئەو هێمایانە ئەبستراکت بوون و وێنەکانیش لەخودی شاعیرەکەوە پەیدا دەبون و هەر لەوێشەوە دنیای بابەتیان بەجێدەهێشت و

لەنەستەوە هێرشیان دەهێنایەوە بۆ دنیای ئەقڵ و هۆشی زیندوو.

زمان زۆرتر ئیحایی بوو و زیاتر مەودایەکی ویژانی دەگرتەبەر، هێماکان لەکەش و هەوایەکدا بوون کە هەمیشە ئاکارێکی زیندویان لەدەروندا بەجێدەهێشت و ئەفسونی زمان بەڕادەیەك کاریگەربوون کە خوێنەر بۆ ماوەیەك لەو ئەفسونەدا سەرخۆش دەبوو. ڕەنگی گوڵ و هاژەی چەم و کەڤچەرنینی تاڤگەو بروسکەی هەورو تریکەی عاشق و زەردەی ئێوارەو کازیوەی بەرەبەیان، لەرەی گولاڵە سورەیەك بەدەم باوە، هەموو ئەمانە بۆن و بەرامێکی ئەفسوناویان دەڕژانە ناو شەپۆلەکانی ویژدانەوەو گەمەیەکی جوانیان لەگەڵ دەروندا دەکرد. ئەمە ئەو ئەفسونە بوو کە هەمیشە هێماگەرەکان بەدوایدا وێڵ بوون. لای ئەوان وشەکان بەمانا رووتە فەرهەنگیەکان بێ روح بوون، شاعیر دەبوو لەرێگای خوازەوە روحیان بکات بەبەردا، واتە لای ئەوان گوڵ و گولاڵەو چیمەن، هەر بەتەنها مانا فەرهەنگیەکانی خۆیان نەبوو، بەڵکو هەر یەکەیان لەخەیاڵی شاعیردا مەودایەك و پێگەیەك و جێگەیەکی نوێیان وەردەگرت و لەپاشدا لەکەش وهەوایەکی سۆزداری دەرونیدا دەردەکەوتنەوە.

تاریکی شەوو روناکی مانگەشەوو کە حیلەی ئەسپەشیەك و باعەی بەرخۆلەیەکی ساوا، زەنگ و قەتارەی کاروانچیەك لەبەرەبەیانێکی زوودا، هەر هەموویان و سەدانی دی، ئامادەبوون بۆ هێمایەك لەشیعرێکی جواندا، چونکە هەمیشە ئەمان لەو بڕوایەدابوون زمانی ڕاستەقینە بەمانا فەرهەنگیەکەی دەستەوسانە بەرامبەر بەدەربڕینی هەستە پەنگخواردوەکانی شاعیرو ناتوانێت پڕاوپڕ بیاندات بەدەستەوە، هەر لەمەشەوە ئەو جیهانە پڕ ئەفسونەی دروستیان دەکرد تەنها بەشێکی


رامبۆ

بەئاسانی خۆی دەدا بەدەستەوەو هەمیشە شیعرەکان لەناو بەرگێکی تەم ومژاویدا نقوم دەبوون، ئەم تەم ومژە بەرهەمە شیعرەکەی گەورەکردبوو، جوان کردبوو، رازاندبویەوە، چونکە ئەوان هەمیشە لەو بڕوایەدابوون، کە شیعر دەبێت لەزمانی سادە خۆی بەدوور بگرێت و نابێت ڕاستەوخۆ خۆی بەدەستەوە بدات، شیعر لای ئەوان گفتوگۆی ویژدان بوو، ویژدانیشی مەوداکانی زۆر قوڵن و جێگای دەها گەردوونی گەورەی تێدا دەبێتەوە کە هەریەکەیان زۆر لەگەردونەکەی ئێمە فراوانترو پان وبەرینترن. گەردونێکە ئەوەندە هەیڤ و ئەستێرەو خۆرو چەم و روبارو چیای تێدایە مەگەر هەر شاعیرێکی بەتوانا پەییان پێبەرێت و لەیەکیان جیابکاتەوە.

لەپاشتردا سریالیەکان کە قوتابخانەیەکی هونەری و ئەدەبی بوو لەبیستەکانی سەدەی رابوردوودا لەفەرەنسادا بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو

ئەو بیروبرواو چەمکانە دروست بوو کە لەپێش شەڕی گێتی یەکەمدا باوبوون.

خەیاڵی سریالیەکان، دەکەوتە ئەودیو واقعەوە، یا لەسەرو واقیعەوە دروست دەبوو. ئەوان هەمیشە لو بڕوایەدابوون کە هونەرمەند دەتوانێت بیٚبیرکردنەوە، بیٚئاگا. بیٚ پلان، شێوەو وێنە دروست بکات، بەڵام بەهەستێکی خۆرسکانەی رووتەوە.

ئەوان لەو بڕوایەدابوون کە بەرهەمەکانیان لەدنیای ئەدەبو هونەردا زۆر پاراوترو جوانترە لەجیهانە راستەقینەکە.

لەبواری شیعریشدا، هەمیشە دژی کێشو بڕگەو تەنانەت مۆسیقای شیعریش بوون، بەڕێگری بەردەم داهێنانیان دادەناو لەو بڕوایەدابوون هیچ ڕێسایەکی دانراوی لەوەپێشی لەهیچ بوارێك لەبوارەکانی هونەرو ئەدەبدا نابێت ببنە کۆسپ لەبەردەم هونەرمەندا، هونەرمەند پێویستە تەنها لەکاتی ئەو جیهانە ئەفسونیەی خۆی ئاو بخواتەوە کە تەنها بەخەیاڵی خۆی بۆ خۆی دروست دەکات.

لای ئەوان پێویستی نەدەکرد توخمەکانی خەیاڵی شاعیر پێکەوە گرێدراوبن، یەکگرتووبن، واتە یەکێتی بابەتو یەکێتی مەبەست بیان بەستێت بەیەکەوە، بەڵکو نوسەر یا شاعیر خۆی ئازادە لەوەی چۆن وشەکان، رستەکان، دەستەواژەکان، هەڵدەبژێرێتو خەیاڵەکانو بیرەکان، وێنەکان دادەنێت، بیٚ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی دینامیکی پێکەوە گرێیان بدات.

بەکورتی خەیاڵەکان زۆرتر دەرپەڕیوی پەراوازەبوونی دەرونیو شپرزەیی هەستەکان بوونو زۆرتر لەژێر کاریگەری ئەقڵی ناوەوە یا ئەقڵی شاراوەداو لەقاڵبی خەوندا دەهاتنە دەرەوە.

هەر ئەمە وای کرد کە ڕێبازێکی نویٚ بێتەکایەوە کە بەڕێبازی شەپۆلی هۆش یا "ڕێبازی گەڕاندنەوە" ناسرا، لای ئەمان نەستی مرۆڤ هەڵگری هەموو دیدێکی خۆییە بۆ روانینی روداوەکانو گەڕاندنەوەی ئەو روداوانە کە ماوەیەکی دوریا بەسەردا تێپەڕیوە. بەڵام لەنەستدا، جێپەنجەو ئاکاریان بەجێهێشتوە. لێرەدا شاعیر هەوڵی دەدا کە خەیاڵەکانی لەڕێگەی ئەو جێپەنجانەوە دابڕێژێتەوە کە لەناو نەستەکەدا ماونەتەوەو سەرلەنویٚ ژیانێکی نوێیان بکاتەوە بەبەرداو بیانهێنێتەوە بوونو ئەمەش دورکەوتنەوەیەك بوو لەدنیای سەردەمو رۆشتنەوە بوو بۆ دنیای رابوردوو و روونکردنە جیهانێك بوو کە بەسەرچوبوو، بەڵام لەخودی شاعیر خۆیدا هەر بەزیندوویی جێپەنجەکانی ماونەتەوە.. ئەمەش دیسانەوە جۆرێك لەئازادی دەبەخشیە شاعیرو چەند دەیتوانی بە"خود"ە. شاراوە پەنهانەکەی خۆییدا شۆڕدەبۆوەو بەخەیاڵی، جێپەنجەکانی دەدۆزییەوەو هەموو هێماو ئاماژەکانی سەردەمی منداڵو هەرزەییو رەساوی ساغ دەکردەوەو یادگارەکانو کاریگەرییان لەسەر خۆی هەڵدەدایەوەو لەقاڵبێکی هونەری نوێدا دای دەڕشتنەوە، هەر ئەمەش وای لەگەلێك لەنوسەرو شاعیرانی ئەم ڕێبازە کردبوو کە جۆرێك لەگۆشەگیریو دورکەوتنەوە لەکۆمەڵو نامۆیی کۆمەڵایەتیو دابڕان لەواقعو پشتگوێخستنی پەیوەندییەکانیان پێوە دیاربێت.

فرۆید خۆی رای لەسەر ئەوە بوو کە شاعیر زۆربەی جار لەجیهانە کپکراوەکەی خۆیەوە کە هیچ ڕێگایەکی دەربڕینی راستەوخۆی نییە، خەیاڵو وێنە شیعرییەکانی خۆی دادەڕێژێتو بۆ ئەو واتە (بۆ شاعیر) ئەدەب بەگشتی دەبێتە مەودای رەواندنەوەی هەستە کپکراوەکانی سەردەمی زوویو لەئەنجامدا بەرهەمێکی هونەری یا ئەدەبی بەرزی لیٚدەکەوێتەوە.